# دیکتاتۆر

شیعری حەمەکاکەڕەش
سوید

دیکتا تۆر
لە خوێندا
ئەستێرە دەبینێ
لای دیکتاتۆر
خوێن لە شەونمی
سەربالّی بالّندەکان
جوانتر و
ناسکترە
دیکتاتۆر
عاشقی تەرمە
تەرمی ئینسان و
دارو بەرد
هیچ باخچەیەک
هیچ دەریایەک
هیچ دارستانێک
هێندەی تەرمێک
سەرنجی دیکتاتۆر
ڕاناکێشێ
هیچ ئاهەنگێک
هێندەی تەرمی کۆترێ
دیکتاتۆر سەرمەستناکا
هیچ شارێک
هێندەی ئاسەواری
شەڕەکان زەردەخەنە
ناخاتە سەر لێوی
دیکتاتۆر
هیچ ڕنگێك
وەك ڕەنگی ئەشکەنجە
لای دیکتاتۆر
ڕەنگین نیە
هیچ دەنگێك
وەک نالّە نالّ و گریان
لای دیکتاتۆر خۆش نیە
هیچ دەستێک

وەك دەستی ترس
لای دیکتاتۆ
پیرۆز نیە
هیچ پەیامێک
وەک پەیامی کوشتن
لای دیکتاتۆر
بەسۆز نیە
خەیاڵەکانی دیکتاتۆر
مەلەکردنە لە خوێندا
خەیاڵەکانی دیکتاتۆر
شاردنەوەی ژیانن
بە تەرم
خەیاڵەکانی دیکتاتۆر
پڕن لە شەڕو
کوشتن و
ترس
خەیاڵەکانی دیکتاتۆر
پڕن لە گومان و
دابڕان و
زیندان
خەیاڵەکانی دیکتاتۆر
خاڵین لە گوڵ و باڵندەو
ئارامی
خاڵین لە سۆزو جوانی
ڕوانینەکانی دیکتاتۆر
پڕن لە گومان
بیرکردنەوەی دیکتاتۆر
پڕە لە مەرگ
هەنگاوەکانی دیکتاتۆر
پڕن لە تەرم
هەمووشتەکانی دیکتاتۆر
پەیوەستن
بەشەڕ
بەتەرم
بەخوێن
بەمەرگ
هەموو ڕێگاکانی
دیکتاتۆر
دەچنەوە سەر
وێران نکردن

پێکەنینەکانی دیکتاتۆر
بەشی هیچ ناکەن
ئارامییەکانی دیکتاتۆر
بەشی هیچ ناکەن
دیکتاتۆر
لە نێوان فڕین و زیندانداا
زیندان هەڵدەبژێرێ
لە نێوان مناڵ و ژەهردا
ژەهر هەڵدە بژێرێ
لە نێوان پەپوولە و مەرگدا
مەرگ هەڵدە بژێرێ
لە نێوان تاریکی و تریفەدا
تاریکی هەڵدەبژێرێ
لەنێوا گریان و
گۆرانیدا
گریان هەڵدەبژێرێ
لە نێوان دۆزەخ و
باخچەدا
دۆزەخ هەڵەدەبژێرێ
لە نێوان خواوەندو
شەیتاندا
شەیتان هەڵدەبژێرێ
دیکتاتۆر
کۆڵانە کانی پڕکرد
لە منالّی کەمئەندام
شارەکانی پڕکرد
لە ئۆردوگاکای نەخۆش
ئۆردوگاکانی پڕ کرد
لە بێوەژنی ڕەشپۆش
ئەو مرۆڤانەی
لە چاوەڕوانی
هاتنەوەی ئازیزەکانیاندا
بەداخ و حەسرەتەوە
دەمرن
دیکتاتۆر
کوردی وەك مەسیح لە خاچ دا
گوندەکانی کوردی داغانکرد
دەمی منالّی پڕکرد لەگڕ
چاوی کانی عاشقانی
بە قوڕی تاریکی سواخ دا

دڵی ڕەزو دارستانی
بەدوکەڵی ژەهر خنکان
ئەستێرەی خەونی کوردی کوشت
کازیوەی کوردی سەربڕی
ئاوێنەی ژیانی شکان
ئێستا خەمەکانی ئۆردوگا
بەحەسرەتو
مەرا قەوە
دەڵێن دیکتاتۆری بێشەرەف
کوێ بگەڕێین
بەشوین مناڵەکانماندا
کوێ بگەڕێین
بەدووی ئازیزەکانماندا
هیچت نەهێشت
لەو هەموو شایی و گۆرانی و پێکەنینە
تەنیایی ئەمانخواتەوە تەنیایی
ئای دیکتاتۆری هیچ و پووچ
کۆڵانەکانی ئۆردوگا بۆنی هەناسەی
گوندەکان نادەن
ئاپۆرای شارەکان
وەك کچی گوندەکان شادی نابەخشن
ئای دیکتاتۆری بێئینساف
چاومان هەر لە ڕێی گەڕانەوەی گوڵەکانی بیابانە
سۆمای چاوەکانمان دەڕواو
ئەنفالەکان ناگەڕێنەوە
ڕۆژەکانی تەمەنمان هەڵدەوەرێ و
پشکۆی یادەکانیان دەگەشێتەوە
ئەنفالەکان ناگەڕێنەوە
دیکتاتۆر هیچی نەهێشت بۆ ژیان هیچ
هیچی نەهێشت بۆ خەیاڵ هیچ
هیچی نەهێشت بۆ فڕین هیچ
هیچی نە هێشت بۆ ئەوین هیچ
هیچی نەهێشت بۆ ڕوانین هیچ
دارو بەردو ئاوی کوشت
خاك و هەواو ئاسمانی کوشت
لە سەر ڕوحی سپی ئێمە
تاریکی خۆیی دەنوسێتەوە
دیکتاتۆر شەوی خۆی لەڕۆژی ئێمەدا تاقیکردەوە
دیکتاتۆر هەزار کتێبی پڕ لە درۆ
پڕ لە شەرم پڕ لە خوێن پڕ لە تاریکی

بۆستایشی تۆ نوسران
دیکتاتۆر هاواری دەکرد مردن ناگاتە من
دیکتاتۆر لە خەیاڵەکانیا تۆپی
تەرم کوشتی شەڕ کوشتی ترس کوشتی
خوێن کوشتی
بەڵام شەوی ئێمە خاڵییە لەئەستیرە
بەیانیانی ئێمە خاڵییە لە گوڵ و باڵندە
هەربایەك هەڵدەکا پڕە لە هەناسەی دیکتاتۆر
هەر سروودێك دەبیستین
چرپەی تاریکی دیکتاتۆری تێدایە
بەتەنیشت هەر باخچەیەکدا تێدەپەڕین
پڕە لە بۆنی دیکتاتۆر
لەهەر ئاسمانێك دەڕوانین
ئەستێرەی دیکتاتۆر ئەدرەوشێتەوە
هەربارانێك دەبارێ پڕە لەڕێژنەی دیکتاتۆر
لە هەرنوێژێکدا پاڕانەوەیەك بۆ دیکتاتۆرە
ئێمە پەروەردەی ترسەکانی دیکتاتۆرین
ئێمە دووژمنی دیکتاتۆرین
کەچی لە هەریەکێکماندا
هەناسەیەکی دیکتاتۆر هەیە
لە خەیاڵی هەریەکێکماندا
دیکتاتۆرێ بەڕێوەیە

2005